# تاڤگە قەرەداغی: ئەگەر قوتابییەکی تەمبەڵ بوویت لە خۆشەویستییدا ،دەبیت بەنووسەرێکی سەرکەوتوو

دیمانە: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail.com



**(تاڤگە فاتح قەرەداغی) تابڵێی شاعیرێکی ناسکەو شیعرەکانی گەواهیی ئەوەی بۆ دەدەن یەکێك لەباشترین ژنە شاعیرەکانە، بەزمانێکی قووڵو هەناسەیەکی عاشقانەوە دەنووسێت، لێ چەندین ساڵە دەنووسێت بەڵام حەز بەزۆریی‌و بۆریی ناکات، بەڵکو لایەنگریی کاری چۆنایەتییەو تا ئێستا دوودیوانی چاپکراویشی هەیە بەناوەکانی (سەما- ساڵی 2005)و (ماچی ئادەم- ساڵی 2007) لەدیمانەیەکی کورتدا بەمجۆرە هێنامانە دواندن:**

**ستیڤان:** ئایا لای تۆ شیعر ڕەنگدانەوەی غەم‌و شتە خودیییەکان‌و سۆزە شاراوەکانە یان سۆبژێکتێکی موتوربەکراوە بەفکرەوەو لە بۆتەی تێکستدا خۆی بەیان دەکات؟

**تاڤگە:** ئەگەر غەمەکان نەبوونایە ڕەنگە ئەم کەسەی ئێستا نەبوومایە، غەمەکانم غەمی هەموو مێینەکانی لەخۆگرتووە، ئاوێتە بوون لەگەڵ غەمو مێینە بوون هەموو ئەمانە تێکستو دەقێکی ئەدەبی ناسك دروست دەکەن، من لەمنداڵیدا غەمەکانم غەمی گەورەبوون، ڕۆژێك لە ڕۆژان بووکە شووشەیەکم نەبووە لەمنداڵیمدا، ئێستا دەچم لەبازاڕ بووکە شووشەیەك دەکڕم، لەبەر ئەوە غەمەکانی ئێستام ڕەنگدانەوەی منداڵییە، بۆیە شیعرەکانم بەهەردوو ئاڕاستەکەدان.

کاتێك دنیای منداڵیو گەورەیی تێکەڵاو دەکەین چێژێكو غەمێکت پێدەبەخشێت، کە ئەم دووانەش تێکەڵاو بکەیت دیارە شیعرێك لەدایك دەبێت.

**ستیڤان:** کەواتە شیعر لەلای تۆ گەڕانەوەیە بۆ ساتەکانی منداڵی هەروەك چۆن (فرۆید) پێیوایە داهێنان بریتییە لەگەڕانەوە بۆ دۆخی منداڵی؟

**تاڤگە:** بەدڵنیاییەوە وایە، چونکە ئێستا لە منداڵی تێدەگەمو دەزانم منداڵیو رابردووم چی بووە.

**ستیڤان:** عەشق پانتاییەکی زۆری لە شیعرەکانتدا داگیرکردووە، عەشق بەرلەوەی قەسیدە بێت ئەزموونە، ئایا ئێمە دەتوانین بڵێین شیعرەکانت ڕەنگدانەوەی هەستی عاشقانەتن؟

**تاڤگە:** ئەگەر خۆشەویستی نەبوایە هیچ قەسیدەیەکی عاشقانە لەدایك نەدەبوو، جوانترین قەسیدە کە عەشقی تیا بدۆزیتەوە، شاعیرەکەی قوتابییەکی سەرنەکەوتووی قوتابخانەی عەشق بووە! چونکە ئەگەر سەرکەوتوو بوایە ئازارەکان ڕەنگدانەوەی نەدەبوو تاببێت بە قەسیدە، تۆ ئەگەر قوتابییەکی تەمبەڵ بووی لەخۆشەویستییدا دەبیت بەنووسەرێکی سەرکەوتوو، بەڵام ئەگەر عەشقبازێکی سەرکەوتوو بیت نابیتە نووسەرێکی سەرکەوتوو، دەبیتە گەمەی دەستی ژیان.

**ستیڤان:** ئەگەر دیقەت لەشیعری ژنان بدەین زیاتر عەشق بەسەریدا زاڵە ئەمە بۆ چی؟ ئایا ئەو وتەیە ڕاستە کە دەڵێ ژنان تەنیا بۆ خۆشەویستی خوڵقێنراون؟

**تاڤگە:** تۆی نێرینە بێ عەشقی مێینەیەك چ ژیانێکت هەیە؟ ئایا بزەو تێڕوانینەکانت بەبێ ئافرەتێك وەك ئێستا دەبوو؟ ئەی کەی بینیووتە ئافرەت بەبێ عەشق جوان بێت؟ ئەگەر وانەبوایە ئافرەت دەبووە ئەو جەلادانەی شۆڕشی فەڕەنسا کە ئەندامانی بنەماڵەی شایان سەردەبڕی چونکە ئافرەت هەبووە سەدان کەسی سەربڕیوە.

بەڵێ ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی سەد دەرسەد بۆ عەشق خوڵقاوە، ئەمەش نابێتە هۆکارێك کە ئەو خەسڵەتە بسڕمەوە کە ئافرەتی ئێمە چەند سنگی کراوەتەوە بۆ عەشق ئەوەندەش مێشكو بیرکردنەوەی کراوەیە، من کە دەڵێم ئافرەت بۆ عەشق دەژی مانای ئەوە نییە هیچ خەونو خۆزگەیەکی تری نەبێ چونکە ئافرەتی سیاسەتمەدارمان هەیە، ئەمەش بەلایەنی عەقڵی پێیگەیشتووە نەك بەسۆز.

ئەو ئافرەتەی کە دەشبێتە شازادە، کەی هەست بەشازادەیی خۆی دەکات؟ کاتێك تێڕوانینێکی نێرینانەی جوان پڕ سەرنجی بکات.

**ستیڤان:** شیعرو عەشق بوون بەدالو مەدلوول یان دوو ڕووی دراوێك، ئایا ئەگەر فاکتۆری عەشق نەبێ پێتوانییە زۆربەی شاعیرەکان بەتاڵ دەبنەوەو توانای داهێنانیان سیسو کز دەبێت؟

**تاڤگە:** بەدڵنیاییەوە، چونکە سیاسەت زەمەنێکەو کۆتایی دێ، بەڵام لەوەتی بەشەرییەت وجودی هەیە عەشق هەر عەشقەو گۆڕانی بەسەر نەهاتووەو هەتا مرۆڤایەتیش بمێنێت ئەویش هەر دەمێنێ.

تەنانەت ئەوانەی دەچنە فەزا ناتوانن شەش مانگ لەبۆشایی ئاسماندا بمێننەوە ئەگەر بیرلە عەشقو یادەوەریی خۆشەویستی نەکەنەوە، چونکە چاوەڕوانن کە گەڕانەوە سەر زەوی باوەش بە عاشقەکانیاندا بکەن، عەشق سەباری ئازارەکانی ئینجا سەرکەوتنێکی جوان دروست دەکات.

**ستیڤان:** زۆر جار باس لە ئەدەبی ژنانەو پیاوانە دەکرێت، ئایا دوو ئەدەب لەژێر ئەو دوو ناوەدا هەیە؟ پێتوایە خامەی ژنێك موعانات یان بیرۆکەیەکی جیا لە هی پیاوان بەرهەمدەهێنێ؟

**تاڤگە:** باوەڕم بە ئەدەبی ژنو پیاو نییە کە ئەمڕۆ باسی لێوە دەکرێت، کە دەقێکی ئەدەبی هاتە بوون هی من بێت یان نێرینەیەك گرنگ ئەوەیە تا چەند بە نەمریی دەمێنێتەوە، گرنگ نییە نووسەرەکەی پیاوە یان ژن، قەڵەمێکی دەستی نێرینە بۆ سیاسەت دەنووسێ، ژنیش لەسیاسەتدا دەنووسێ، قەڵەمێکی نێرینە بۆ موعاناتی ژن دەنووسێ، قەڵەمێکی مێینە زۆر جوانتر گوزارشتی لەو موعاناتە کردووە. گرنگ دەربڕینەکانە نەك خاوەنەکانیان کە

چ جۆرە دەقێکی ئەدەبیان دروستکردووە، من ئێستاو رابردووش ئەوەم رەت کردۆتەوە، ئەدەبی نێرینەو مێینە لێك جیابن.

**ستیڤان:** لەگەڵ ئەوەی چەندین ساڵە سەرقاڵی نووسینیت، بەڵام هێشتا بەشێوەیەکی ون کار دەکەیت، بۆچی بەم پەنهانییە دەنووسیتو بڵاودەکەیتەوە؟

**تاڤگە:** زۆربەی ئەو شتانەی نووسیوومن جگەر گۆشەمن، ئایا کەس یان دایکێك هەیە کە جگەرگۆشەکانی ببەخشێت؟ بەڵام کە بڕیارمدا بەشێکیان بڵاوبکەمەوە (چونکە هێندێکیان هێندە ئازیزن بڵاویان ناکەمەوە)کە ئەمڕۆ لەدوو تویّی دوو دیوانو رۆژنامەکاندا دەیانبینن غەمە گشتییەکانن نەك غەمەکانی تاك، لەبەر ئەوە ئاساییە کە چەندان کەسی تریش بیخوێننەوە.
لەڕاستیدا من منداڵێکم نییە لەپاشم ناوم هەڵگرێ بەڵام شیعرەکانم هەڵگری ناوی منن، دوای خۆم بەهۆی شیعرەکانمەوە لەلای نەوەکانی داهاتوو دەناسرێمەوە.

**ستیڤان:** دووەم دیوانی ئێوە ناوی (ماچی ئادەم)ە، ئایا ویستووتە بەناوی هەموو حەواکانەوە باس لەچێژی ماچی ئادەمەکان بکەیت؟

**تاڤگە:** بەدڵنیاییەوە، ئەو ماچانەی من لێی دواوم بەتایبەتی لەتابلۆکانی ماچدا کە حەوت شیعرە باس لە نەمریی ماچ دەکەم لەگەڵ نێرینەدا، ئەو ماچانەی دروستم دەکەن، هەتا ئەو ماچانەی تا مردن چێژەکانی وەك خۆی دەمێنێتەوەو کۆن نابێت، من لەماچی ئادەمدا لەو ماچانە دواوم کە زۆربەی مێینە خەونی پێوە دەبینن، بۆیە وتوومە نەك هەر جارێك هەزاران جار هەناسەکەم بۆنی ماچی ئادەمی لێدێت، ماچ لەسێ پیت پێکهاتووە، بەڵام دنیایەکی زۆر گەورەو فروانە.

**ستیڤان:** لێشاوێك لەبڵاوکردنەوەی شیعری گەنجان لەئارادایە، بەجۆرێك زۆرترین کتێبە چاپکراوەکانی ئەمڕۆکتێبی شیعرین، چۆن لەم دیوانانە دەڕوانیو پێتوایە ئەم گەنجانە نەوەیەکی نوێی شیعرین؟

**تاڤگە:** راستە ئێمە دەڵێین لێشاوێك هەیە بەڵام هەندێکیان ون دەبن، راستە ئەمڕۆ لێشاو هەیە بەڵام سبەینێ پێماندەڵێ کێ دەمێنێتەوە؟ تۆ کە نەمام دەچێنیت مەرج نییە هەموویان سەوز بن ئەگەر سەوزیش بوون مەرج نییە هەموویان بەریان هەبێ، دەشێ داری زۆر زڕیشیان تێدابێت، بۆیە دەڵێم با بەزوویی حوکم بەسەر ئەو کۆمەڵە بەرهەمەدا نەدەین چونکە رۆژانی داهاتوو خۆی حوکم دەدات، بابزانین چەند لەم دەنگە نوێیانە پێدەگەنو چەندیشیان خامۆش دەبن.
راستە لەناویاندا زۆر شتی کاڵو کرچو وشە ریزکردن هەیە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە رەتیان بکەینەوە، یان رێگرییان لێبکەین، باوازیان لێبێنین چونکە دەشێ لەداهاتوو بەجوانی  پێ بگەن، من هەرگیز لەگەڵ رەتکردنەوەو سەرکوتکردنی دەنگی نوێدا نیم، ئەویش رێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە یان پەکی دەکەوێتو بوونی لەدنیای نووسیندا نامێنێ یان ئەوەتا رێ دەکاتو داهاتوویەکی گەشاوە بۆ خۆی دابین دەکات.

**ستیڤان:** دوو ئاڕاستەی پێچەوانە هەن یەکێکیان نووسین بەژانو عەزاب دەزانێو ئەویتر بە ئاسوودەیی، دەکرێت بپرسین لای تر نووسین ژانو ژوارە یان ئاسودەیی؟.

**تاڤگە:** لە هەردوو حاڵەتەکەدا خۆم دەبینمەوە، نووسین ئاسوودەییە، چونکە کاتێك بارگاویی دەبیت بەشتێكو بەتاڵ دەبیتەوە ئاسوودەییو ئارامیت پێدەبەخشێت.
بەدیوەکەی تریشدا ئەی ئەوە ژانەکان نین نووسین دروست دەکەن؟ ژانەکە خۆی هۆکارەو ئەندێشەکانیشی لەگەڵدا کۆدەبێتەوەو پرۆسەی نووسینەکەو بوونی ژانەکەش لەوەوبەر ئەنجامەکەی دەبێتە بەتاڵکردنەوەو واتاش نووسینێك لەدایکبوو کە نووسینێکیش لەدایك بوو واتە ئاسوودە بوویت، چونکە ژانێکت لەدایك بوو.
پێشتر پێم وتیت نووسینەکانم جگەرگۆشەکانمن، هەموو دەزانین جگەرگۆشە بەژانەوە لەدایك دەبێت، بەڵام دوایش زۆر ئاسودەم کە دەبینم جگەرگۆشەکەم زۆر ناسكو جوانە.



**تێبینی : ئەم دیمانەیە لە رۆژی 15-7-2007 سازدراوە.**